

## ڕەنگی گوڵەکانی دەستی بووک

دانانی هەر کەرەستەیەك لەبوارەکانی جوانکاری بۆ خانمی بووك، پێویستی بەئامادەکاریە، تەنانەت ئەو مۆدەیە لەمێشکی ئەو خانمە بووکەدایە دەبێ لەوەی پێویستی بەچ جۆرە کەرەستە و جلوبەرگ و ئێکسسوارێکە، زۆربەی خانمانی بووك حەز بەهەڵگرتنی گوڵ دەکەن، کە لەلایەن زاواوە پێشکەشی دەکرێ، ئەو گوڵە دەبێ لەپێشدا ڕێکەوتنی لەسەر کرابێ لەوەی چ جۆرە دەستکە گوڵێك هەڵدەبژێردرێ بەمەرجێك لەگەڵ جلوبەرگ و ڕەنگی ماکیاژی بووك جیاوازییەکی کەمی هەبێ لەچاو لەمۆدەکانی پێشوودا، تەنیا ڕەنگی گوڵە سپییەکان دادەنران تا لەدەستی بووك بێ، ئەمەش بەبڕوای گونجاندنی لەگەڵ کراسە سپیەکەی بووك، بەڵام لەمۆدەکانی ئێستادا شێوازی دیکەی ئەو گوڵە دەرکەوتووە، کە مەرج نییە هەمان ئەو ڕەنگەی کراسەکە بێ، جوانتر و درەوشاوەتر دەبێ کاتێك دەستکە گوڵەکە جیاوازییەکی هەبێ لەگەڵ ڕەنگی جل یان ماکیاژەکە، بۆئەوەی ئەویش لایەنێك لەجوانی خۆی نیشان بدات و جێگەی سەرنجڕاکێشان بێ، بۆیە خانمان دەتوانن بەئاسانی دەستکە گوڵ لەڕەنگەکانی وەك :سوور – پەمەیی – وەنەوشەیی –مۆر-شین-پورتەقاڵی، هەڵبژێرن لەگوڵەکان تا دەستەکانیان ڕازاوەتر و جوانتر بکات لەڕۆژی ئاهەنگەکەیاندا.





## کراسی کوردی لە ڕەنگی ڕەش و سوور

بەرەو وەرزی بەهار و نەورۆز ڕێگەمان گرتووە، لەم وەرزەدا گوڵەکان دەگەشێنەوە و ڕەنگەکان درەوشاوە دەبن، کچانی کوردیش وەك خونچەکان لەناو خانە زێڕینەکەیان دێنە دەرەوە و ئەمەش بەخۆیان و کراسە کوردیە جوانەکانیان، لەو وەرزەدا جوانی کراسی کوردی زیاتر دەردەکەوێ و ڕەنگی ئەو کراسانە خۆیان دەگونجێنن لەگەڵ ڕەنگی گوڵ و گیا سەوزەکانی بەهار، هەر ڕەنگێکی کراوە و جوان، هەمان جوانی بەهار گەشاوەتر دەکات. بۆ ئەو وەرزە پێشبینی دەکرێ لەلایەن چەند دیزاینەرێکی جلوبەرگەوە، کە جلی کوردی لەدوو ڕەنگی پێکهاتوو مۆدەی دەبێ، ئەمەش تەنیا ئەو ڕەنگانە دەگرێتەوە. هەندێك لەڕەنگەکان دەتوانن گونجانێکی پڕ مانا بەیەکتر بگەیەنن، ئەمەش دەبێ لەسەرەتادا ئەو ڕەنگە هاوشێوە و دیمەنی یەکتر بن، یەکێك لەو دوو ڕەنگانەی کە مۆدەی ئەو وەرزەی بەهارە، بریتییە لەکراسی کوردی لەڕەنگی (سوور و ڕەش)، بەهۆی بوونی پێوەندییەکی ڕاستەوخۆ لەنێوان ئەو دوو ڕەنگە، دەکرێ نەخشێکی جوان و لێکدراوی نێوان ڕەش و سوور دابین بکەین لەکراسێکی کوردی، ئەوەش لەڕێگەی هەڵبژاردنی ڕەنگی ئێلەگ لەڕەش و یان ڕەنگی پشتێن ڕەش بێ، یاخود دەسماڵەکانی سەر دەستەکان لەڕەنگی ڕەش بێ و کراسەکەش لەڕەنگی سوورێکی تاریك بێ، ئەوەش گەورەترین جوانی دروست دەکات، کە ئەو بەرهەمە یەکێکە لەکراسەکانی خانمە دیزاینەری کورد (نیشا) لەوڵاتی سوید.





# جوانكاری بۆ ڕەنگی دیواری ماڵەكان


كاتێك بیر لەڕازاندنەوە یان دانانی دیكۆرێكی جوان بۆ ماڵەكەت دەكەیتەوە، دەبێ لەسەرەتادا ئامادەكاری بۆ كارە سەرەتاییەكانی ماڵەكە بكەین، ئەویش هەڵبژاردنی كەرەستەی دیكۆرەكانە، یان دانانی ڕەنگێكی تایبەت بەدیوار و یان ڕەنگێكی دیاریكراو بۆ كەرەستەكانە، چونكە كاریگەری ڕەنگ زۆرە لەسەر دیكۆری ماڵ، هەر ڕەنگێك جوانییەكی هەیە لەدیكۆری دیوارەكانی ماڵ، بەڵام ناكرێ هەر جۆرە ڕەنگێك بەكاربهێنین، هەندێك ڕەنگ هەن كە دەتوانن دیوارەكان لەسەر ئەو ڕەنگانە بۆیە بكرێن، ئەویش بەپێی خواست و ویستی ئەو كەسانە دەبێ كەبۆ ژوورەكانیان دەوێ، ئەو ڕەنگانەی دەكرێ بۆ دیوارەكان بەكاریان بهێنین بریتیین لە: شەكەری – زەرد-پەمەیی- قاوەیی- سپی –سوور- جەرگی- سپی و ڕەش تێكەڵ، ئەو ڕەنگانە دەتوانن دیمەنی دیوارەكان ڕازاوەتر و جوانتر بكەن، لێرەشدا دەبێ ئاگاداری جیاوازی كەرەستەكان بین لەگەڵ ڕەنگی دیوارەكان، چونكە كاتێك ڕەنگەكان هەمان ڕەنگ بێ، كەواتە تێكەڵییەك دروست دەبێ و ئەمەش نەشونمای دیكۆرەكە دەشێوێنی، بەڵام چاكترە ڕەنگی دیوار و كەرەستەكان وەكو یەك نەبن، یان هەندێك لەیەكتر نزیك بن.

# گوارە خنجیلانەكان لەشێوەی دڵ





ئێكسسوارەكان بەگشت شێوە و نەخشەكانیانەوە، دەتوانن گوزارشت لەجوانییەكی گەورە و كارامە بكەن، بەڵام نهێنی جوانی ئێكسسوارەكان لەشێوەكانیانە، چونكە شێوەكان گوزارشت لەجوانیی دەكەن، لەمۆدەكانی پێشووی ئێكسسوارەكاندا نەخشی بچووك و ڕەنگاوڕەنگ باوی زۆر بوو، كەچی گۆڕانكاریەكان ڕۆژانە دەردەكەوێ بەسەر شێوە و ستایلی ئێكسسوارەكان، لەو وەرزەدا شێوەیەكی بەرچاو و جوان شایستەی جەستەی خانمان دەبێ بۆ ئەوەی ئێكسسوارێكی ناسك و ڕازاوە بپۆشن، كە هەر ئێكسسوارێك لەو ئێكسسوارانەی كە گوزەر دەكەن لەو مانایەی پێی دەبەخشرێ بۆ دەرخستنی ئەو جوانیەی مەبەستە كە ستایلی بۆ كراوە، تازەترین و جوانترین شێوەكانی مۆدەی ئێكسسواری گوارەكان، ئەو ستایلەیە كە گوزارشت لەخۆشەویست و شێوەی دڵ دەكات، چونكە زیاتر گوارەكان شێوەیەكی خڕ و بازنەییان هەیە، كە لەشێوەی دڵ نزیكە ئەمەش وادەكات كە بەلەنجەوە گوزارشت لەشێوەی دڵەكان بكات، هەروەها جوانییەكی خنجیلانەی دەبێ و خۆی لەگەڵ شێوەی گوێچەكە ڕێكدەخات، بەمەش دەتوانێت ببێتە هەنگاوێكی جوان لەمۆدەی گوارەكان لەشێوەی دڵەكان.





# كراسە كورتەكان



جلوبەرگ هەردەم لەڕێگەی پێشكەوتن و تازەگەری و ئامادەكاری بۆ چەندین شێوەی مۆدەكان ڕێگەیەكی ئاسانی پێوە دیار دەبێ، لەم ڕوانگەوە دەكرێ ئاراستەی مۆدەكان لەگەڵ وەرز و كاتەكاتدا گۆڕانكاری بۆ بكرێ و لەگەڵ هەر گۆڕانكارییەكیشدا دەتوانین سوود لەجوانی جلەكان وەربگرین.




كراس یەكێكە لەو جلوبەرگە سەرنجڕاكێشانەی كە لەگەڵ گشت جۆرە مۆدەكان دەگونجێ و لەگەڵ جوانی گشت سەردەمێكدا دەگونجێ، كراسەكان چەندین جۆریان هەیە، ئەو جۆرەی لەكوردستان باوە كراسی درێژە لەشێوەی عەزیە یان فوستان، بەڵام لەمۆدە تازەكانی كراس، كراسی كورتە كە پێی دەگوترێت شیك، جوانی ئەو كراسە لەوەدایە كە نیوەی جەستە دەگرێ و دەكرێ لەگەڵ جلی دیكە بپۆشرێ، وەك ستریێج و كاوبۆی و یاخود بەسادەیی بەتایبەت بۆ بۆنە و ئاهەنگە تایبەتەكان، كراسی كورت لەم جۆرەیاندا دیمەنێكی زۆر ناسك دەبەخشێتە جەستەی خانمان، گوزارشت لەدەرخستنی مۆدەیەك لەجلوبەرگ دەكات كە جێگەی سەرەنجڕاكێشیە، بۆیە لەنزیكەوە دەتوانین ئەو جۆرە كراسە لەگشت شوێنەكان بپۆشین، چونكە ستایلێكی گشتی و هەمەچەشنی هەیە بۆ گشت كات و شوێنێك.



## جگەرەش چارەسەر کرا!

ئەوانەی جگەرکێشن و کاتێك کاریگەریان دەبێ لەسەر خەڵکی دەوروبەر، وەك کێشەیەکی لێهاتووە کە خەڵك لەدەست جگەرکێشان لەشوێنە گشتییەکاندا دووچاری بێزاربوون و ناخۆشی دەبنەوە، لەلایەن چەندین وڵات بڕیاری قەدەغەکردنی جگەرە دراوە لەشوێنە گشتیەکان، بەڵام ئەوەش ناکرێ، چونکە مافی جگەرەکێشەکان دەخورێت و ئەوانیش بێبەش دەبن، کەچی وادیارە چارەسەرێکی سەیرتر و جوانتر دۆزراوەتەوە بۆ ئەو لایەنە، ئەویش بەدانانی شوێنێکی تایبەت کە



کابینەیەکی بچووکە لەشوێنە گشتییەکاندا دادەنرێ و ئەوەی بیەوێ جگەرە بکێشی ئەو کابینەیە لەسەرەوەیە و ڕایدەکێشێ و دێتە خوارەوە و دەبێتە کابینەیەکی بچووك و دەتوانی لەو کابینەیە جگەرە بکێشی و دووکەڵەکەش دەچێتە دەرەوە.



## خـــووری و جەوکـــردن!

دایـــکان و ئافرەتانی کـــورد، لەدێرین زەمانەوە کاریـــان کـــردووە، کارەکانیـــان ئێـــستا جێگەی بایەخن و کەلتوورێکـــە بۆخۆی، یەکێك لەو کارە قورسانەی کە لەســـەردەمی کۆندا ئەنجام دەدرا، تەنانەت تا ئەمڕۆش کاری لەسەر دەکرێ، ئەویش ئامادەکردنـــی خووری مەڕو ماڵاتـــە بۆئەوەی بکرێت بەبەن یان ســـەرکە خـــوری، دوای ئەوەی خوری لەمەڕ دەبڕدرێتەوە بەئامێرێك کە پێیدەڵێن (جـــەو)، وەك مەقەس وایە و ئـــەو کارەش پێی دەگوترێ (جەوکردن)، پاشان خورییەکە بەجوانی دەشوورێتەوە و بەشـــوورتەك لێی دەدەرێ و دواتر دەخرێتە بەر ڕۆژ ئەمەش بۆ وشکبوونەوە، پاشان بەشانەی خووری دەپشکنێرێ بۆئەوەی لەپاشماوە و شـــتی زیادە پاك بکرێتەوە، کە ئەو شانەیە شتە زیادەکانی لێدەکاتـــەوە، لەو کاتە ئامادە دەبێ بۆ ڕستن. دواتر یەکێك خووریە شانەکراوەکە دێنێ و هێواش هێواش ئامادەی دەکات بۆ ڕستن، ئەویش بەڕاکێشـــانی پارچە پارچەی خورییەکە کە نابێ بپچڕێت و دواتر لەســـەر تەختێك هەڵی دەکاتەوە و پاشان بەتەشـــی دەیرێسێ بەئاسانی داوی لێ دروست دەبێ، بەڵام دانانی خووری بۆ هەر جۆرە شـــتێك جیاوازی هەیە لەکردارەکـــە، بۆ نموونە: جیاوازی هەیە کاتێك خووری بۆ لیفکە، مافوور یـــان جاجم و بەرماڵی نوێژ ئامـــادە دەکرێ، بەم شێوەیە دەتوانین خووری مەڕ و ماڵات لەپێستی گیاندارەوە بکرێـــت بەبەن یان داوێکی ئامادەکراو بەبێ بوونی هیچ کارگە و کەرەســـتەیەك، ئەوەیە دەست ڕەنگینی ئافرەتانی کورد.



## ئەشکەوتی هـــەزار مێرد

کوردســـتان بەگشـــت شـــوێن و کوچەکانی، بەجوانـــی و ڕازاوەیی بەناوبانگە، هەر بســـتێك لەســـەرتاپای کوردســـتان مێژوویەکی دێرینی هەیە، بەهۆی ئەوەی مرۆڤایەتی لەســـەردەمی کۆنـــەوە لەو ناوچەیە ژیـــاون، تەنانەت هەندێك لەمێژوونووســـان بوونـــی ژیان لـــەو ناوچەیە دەگەڕێننەوە بۆ (٥٠٠٠٠) ســـاڵ پێش ئێستا، یەکێك لەســـەیرترین و جوانترین ئەو شـــوێنەوارە کۆنانە، بریتییە لە(ئەشکەوتی هەزار مێرد)، ئەو ئەشکەوتە دەکەوێتە دۆڵی بەرانان کە لەناوچەی ســـەرچنارەوە نزیکە، لەدووری (١٩) کیلۆمەتر لەباشـــووری شاری ســـلێمانییە و لە هەرچوار لایـــەوە (١١) ڕێگەی هەیە بۆ ئەوەی ســـەر بکەوێ بۆ شوێنی ئەشکەوتەکە، لەو ئەشکەوتەدا چەندین کەرەستە و شتی ئاسەوار دۆزراوەتەوە کە پێشـــبینی کراوە مێژووی بۆ (١٠٠٠٠٠) ساڵ بگەڕێتـــەوە، بەڵام ئەوەی زیاتـــر لێکۆڵینەوەی زانســـتی لەســـەر کراوە کە مێژووی تەواوی بۆ (٥٠٠٠٠) هەزار ساڵ دەگەڕێتەوە، لەشوێنێکی بەرزاییە و لەناوەوە کەشـــێکی فێنك و خۆشـــی هەیە، لەکاتەکانی گەشـــت و سەیراندا هەزارەها خەڵك ڕوو لەو ئەشـــکەوتە دەکەن بەمەبەســـتی بینین و بەســـەرکردنەوە و کات بردنە ســـەر لەو شوێنە ئاسەوار و گەشتوگوزارەیە.



## ئەستێرەی
## گۆرانی کوردی

لەناو کورددا چەندین دەنگی ڕەســەن و زوڵاڵ دەرکەوتوون، لە کۆن و لەئێستادا جگە لەپیاوان، ئافرەتانیش بەدەنگە خۆشــەکانیان گۆرانــی و بەند و لاوك و حەیرانیان وتووە، یەکێك لەو هونەرمەندە ئافرەتانەی کە لەمێژووی کوردا وەك ئەســتێرە گەشەیەك ماوەتەوە و هەرچەندە کۆچی دوایی کردووە، بەڵام دەنگە خۆشــەکەی هەر زیندووە، ئەویش ئایشەشــانە، لەســاڵی (١٩٣٨) لەشاری دیاربەکر لەکوردســتانی باکوور لەدایك بووە، لەبنەماڵەیەکی ئایین پەروەر گەورە بووە و کەچی هەڵکەوتووی دەنگە خۆشەکەی وایکرد کە گۆرانی بچڕێ، بەئەستێرە ناســرابوو کە ناویان بەم جۆرە بانگ دەکرد، لەســاڵی ١٩٥٨ بۆ یەکەمین جار، ئایشەشــان گۆرانی گوتووە، ئەو کاتە تەمەنی لەبیستەکاندا بووە و شووی کردووە بە(شەوکت توران) لەسەر خواستی باوکی، دوای ئەوەی کچێکی لێدەبێ بەناوی (شەهناز) ئینجا جیادەبێتەوە، بۆیە سەرەتا هەندێك گۆرانی بەتورکی گوتووە دوای ئەوەی دەچێتە شــاری ئەســتەنبۆڵ لەوێوە کاری لەســەر گۆرانی کوردی کردووە، لەساڵی ١٩٧٢ گەشتی کردووە بۆ وڵاتی ئەڵمانیا و لەساڵی ١٩٧٨ سەردانی کوردستانی کردووە و لەلایەن گەورە هونەرمەندان محەمەد عارف و عیسا بەرواری، نەسرین شێروانی و گوڵبەهار و تەحسین تەها، پێشوازی لێدەکرێ، ئەمەو دواتر چەندین گۆرانی لەکوردستان تۆمار کرد و جەماوەرێکی گەورەی بۆ دروست بوو، لە١٩٩٧/٢/٥، کۆچی دوایی کرد.

## ئەمە باڵندەیە؟

کارە جوانەکان لەلایەن بەهرەمەندانەوە دەردەکــەوێ، بەتایبــەت ئەوانــەی بیرۆکــەی جوانیان هەیە بــۆ بیرۆکە بچووکــەکان، گــەورە هونەرمەنــدی ئەڵمانی (جیزیــن مارفدل)، کە کاری وێنەکێشــان و بەرهەمی سەیرە، توانی لەسەر جەستەی کچێك چەندین ڕەنگ و شــتی وابکات، کە ئەگەر کچەکە لەگــەڵ جووڵەکردنی شــێوەی بگۆڕێت و ببێتە شتێکی دیکە، لەو وێنەیەدا کچە نمایشکارەکە بۆتە باڵندەیەك کە پێی دەگوترێ ( فلا مینگــۆ ) ،

تە نا نە ت



لەگەڵ


ئەوەی کچەکە جەســتەی نەرمــە و دەتوانــێ خۆی بگۆڕێ بۆ چەندین شێوەی دیکە کــە لەخەیاڵی مرۆڤ بەدوورە.



## بێ دەست و قاچ لەمانگی هەنگوین!

لەپێشوودا باســی ئەو پیاوەمان کردووە کە بێ دەســت و قاچە، کەچی لەزۆربەی مرۆڤەکان دڵخۆشــتر و ئومێــدی بەژیانەوە هەیــە، ئەو پیاوە نــاوی (نیك فوجســتیك) ە لەدایکبــووی وڵاتە ســڕبیایە و ئێســتاش دانیشتووی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکایە، بەهۆی ڕووداوێکەوە دەست و قاچەکانی لەدەست دەدا، کەچی لەژیانــی بەردەوامە و تەنیا ئەوە نەبێ پێویستی بەهاوکاری کەسێکە کە لەگەڵی بێت، دوای ئەوەی داوای کرد کە کچێك شووی پێبکات، ئەوەبوو ئاواتەکەی هاتە دی و کچێکی جوانی ناسی کە ناوی (کانی میاهرا )یە و ئێستا لەمانگی هەنگوینیــدان لەکەنارەکانی هاوای لەئەمریکا، هاوســەرەکەی دەڵێ: نیك، لەگەڵ ئەوەی دەست و قاچی نییە، بەڵام دڵێکی جوان و هەستێکی گەورەی هەیە.





## نوکتە


- کوڕێـک بابی دینارێـک پاقلەی کوڵاو دەکڕێ. لەکاتی خواردنیدا دەبینێ دەنکێک پاقلە مێشی تێدایە. کوڕەکە ڕوو دەکاتـە پاقلە فرۆشـەکە و دەڵێ: «ئەوە چییە خاڵۆ پاقلەکەت مێشی تێدایە!» پاقلە فرۆشـەکەش دەڵـێ: «ئەی تۆ یەک دینارت داوە و دەتەوێت مریشکی تێدا بێت.»



## دیوانە شیعر

حەمدی شاعیر دەڵێ :

وەرن یاران ئەجەل ڕەهبەرمە ئەمشەو
فیراقە، ئەوەڵی ئاخرەمە ئەمشەو
خەیاڵی بەزمەکەی قەیسەرمە ئەمشەو
سەدای سەنتوری کەللەم گەرمە ئەمشەو
چریکەو بانگی دڵ بێ شەرمە ئەمشەو
تەبیعەت بەرزە زاهیر، گەرچی پەستم
نەوەی ئەو شێرەکەی ڕۆژی ئەلەستم
لە باڵا بۆ بەڵا پشتێن ئەبەستم
بە نینۆک کاری فەرهاد دێ لە دەستم
وەها شاهۆ لە ناڵەم نەرمە ئەمشەو
شەوی هیجرە دڵم زامار و مەحزوون
دەروونم ئاگری بەردایە گەردوون
نەماوە ڕاحەت و ئەقڵ و سەبر، چوون
لە تەنیایی بە یادی ڕۆحی مەجنوون
خەیاڵی گەشتی دەشت و دەرمە ئەمشەو
لە سەر عەقڵ و لە دڵ ڕاحەت کە دەرچن
ئیتر نامێنی فەرقی ژین و مردن
حەقی وایە کە عاشق دەربەدەر بن
ئەگەر چی یار و یاوەر بوون بە دوژمن
غەمی بێ یاوەری یاوەرمە ئەمشەو
ڕەقیب و ناحەزت مەسروور و خەندان
ڕەفیق و دۆستانت مات و حەیران
منیش سووتاوە جەرگم بووە بە بریان
دڵم وەک حاکمی مەعزولە قوربان
تەمای سەنعاتەکەی ئازەرمە ئەمشەو
بە کوشتن عاشقانت کرد سەرفراز
منت هەر هێشتەوە بۆ عیشوە و ناز
وەکو کەو خۆی دەکا حەمدی فیدات باز
سەرم شۆڕی ویساڵت کەوتە سەر باز
دیسان کوردی کە دەردی سەرمە ئەمشەو



ئا: فەرهاد محەمەد ناز گەیی

### ئاسـۆیی:

١- گۆرانیبێژێکی کوردە خاوەن وێنەکە .
٢- شـارۆچکەیەکی کوردسـتان(پ) — یایزانێکی ئیتالی یە(پ).
٣- بینی- دیدار (ت).
٤- خەڵکی روسیا(پ)- نەخۆشییەکە.
٥- عناد(ت)-وڵاتێکی ئاسیایە.
٦- نانـە(ت) — ناوی یەکەمی ئەکتەرێکی کوردە.
٧- داس(ت)- جۆرە موشەکێکە.
٨- ناوێکـی کوڕانـە(ت)- پایتەختـی ئەورووپیە.
٩- یانەیەکـی ئیسـپانیە- جـۆرە خشوکێکە(ت).
١٠- سـەرکردەیەتی ئەورووپـی بوو- جۆرە ئۆتۆمبێلێکە(پ) — شیت(ت).
١١- یاریزانێکی ئیسپانیە(پ).
١٢- شاعیرێکی کوردبوو- بەڵێ(پ).

### ستـــوونی:

١- کچە ئەکتەرێکی کوردە.
٢- یاریگایەکــە لە ئیتالیـــا(پ)- وەکو یەك.
٣- پرس-پایتەختی وڵاتێکی ئاسیایە(پ).
٤- شاعیرێکی کوردبوو- شمشاڵ.
٥- هەوال(پ)- داڵ(پ) وەکو یەك.
٦- ژمارە یەکە.
٧- رەگەزێکە — جۆرە پاك کەرەوەیەکە.
٨- شـــارێکە لە تورکیـــا(پ)- پایتەختی وڵاتێکی ئەورووپیە.
٩- جۆرە ئۆتۆمبێلێکە(پ) — ماوی(ت)- نیوەی حازم(پ).
١٠- گۆرانی بێژێکی کوردە(پ).
١١- جۆرە شیرێکی منداڵانە- شارێکە لە لیبیا.
١٢- ئەزیو- کۆنترین ئەنتیکەخانە لە جیهان لە ئۆکسفۆرد.

## بۆ زاخـاوی مێشک

* وەڵامی ژمارەی پێشوو وشەی (رەشماڵ) بوو



بۆ زانینی ئاستی زیرەکیت، هەوڵبدە ئەنجامی ئەم شێوە شیکارە بدۆزیتەوە..

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| | | | | |

ئەم چوارگۆشانە بەپیت پڕ بکەرەوە کە لەکۆتایی ناوێکت بۆ دەردەچێت بتوانە لەماوەی (٥) خولەکدا ناوەکە بدۆزیتەوە، ئەمەش وەك سوود وەرگرتن لەم ئاسانکاریانەی خوارەوە:

**ئاسانکاری**

- پیتی خانەکانی (١+٤+٥) کۆ بکەیتەوە بەمانای (ئەو شتەی دەخرێتە سەر پشتی گیانداران وەک والاغ و گوێدرێژ)
- پیتی خانەکانی (٣+٤+٥) کۆ بکەیتەوە بەمانای (پێچەوانەی ناقڵ)
- پیتی خانەکانی (٥+٢+١) کۆبکەیتەوە بەمانای (پەروەردگار بەزمانی عەرەبی لە٣ پیت پێکدێ)
- پیتی خانەکانی (٥+٤) کۆ بکەیتەوە بەمانای (ناوێکی دیکە بۆ بۆچوون)